خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: عومەر عەلی

# رۆشنبیر

ژمارە (١) – هاوینی ٢٠١١

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە، ناوبەناو لە هەولێر دەردەچێت

## (رۆشنبیر بۆچی؟)

بواری رۆژنامەگەریی یەکێکە لەو بوارانەی ژیانی مرۆڤایەتی، کە سەردەمانێکە پێی ئاشنا بووەو رۆژبەرۆژیش لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی گەورەدایە، بۆیە ئێمەش پێمانباش بوو، بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی بچووك، خزمەتێکی کەمی بواری رۆژنامەگەریی کوردی بکەین، بەوهیوایەی بتوانین بەردەوام بین لەسەر ئەم کارەمان، دیارە لەمەشدا پێویستیمان بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەك هەیە، بەتایبەتی ناردنی بابەت، بۆ ئەوەی ژمارەکانی داهاتووی (رۆشنبیر) دەوڵەمەندتر و بەپێزتر بێت.

شایەنی باسە، لەوەی ئاماژە بەوە بدەین، کە دەبێ خوێنەرانی خۆشەویست بمانبوورن لە هەر هەڵە و کەموکورتییەك، کە لە بڵاوکراوەکەماندا هەیە، چونکە بێگومان هیچ کارێك لەسەرەتادا بێکەموکورتی نییە و نابێ هەروەك هیواخوازین بە خوێندنەوەی (رۆشنبیر) کاتێکی خۆش بەسەر بەرن و سوودی لێوەربگرن.

**سەرنووسەر**

## ژینگە پارێزی

هەروەك دەزانین ژینگە سوودێکی زۆری هەیە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە، بۆیە دەبێ ژینگە بپارێزین و نابێ بە هیچ شێوەیەك پیسی بکەین، کاتێ دەچیت بۆ سەیران نابێ پاشماوەی خواردن فڕێ بدەینە سەر شەقام یان ئەو شوێنەی بۆی دەچی، یان دەبینرێ هەندێ کەس لە جامی سەیارەوە، قوتوو یان شتی تر فڕی دەدات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە و تێکچوونی دیمەنی جوانی سروشتی رەنگینی کوردستان. پێویستە هەمووان رێز لەو جوانییەی وڵاتەکەمان بگرین، کە بە تەڕوبڕی و سەوزیی و رەنگاڵەیی ناسراوەو خاوەن شکۆمەندی خۆیەتی، بەڕاستی پاراستنی ئەمە ئەرکی سەرشانی یەك بەیەکی ئێمەیە، بە تایبەتی ئێمەی نەوەی نوێ، کە چرای رۆشنکەرەوەی رێگەی دوارۆژی میللەتی کورد و کۆمەڵگەی کوردەوارییین.

## پێبکەنە.. دنیا لەگەڵتدا پێدەکەنێ

★ جارێك باوکێك لە کوڕە تاقانەکەی پرسی: بۆ ئەوەی گۆشت بە تازەیی بمێنێتەوە چی لێبکەی باشە؟

کوڕ: مەڕەکە هەر زیندوو بێ باشە..!!

★ جیاوازی لەنێوان بەستەنی و پۆلیسی هاتوچۆدا چییە؟

بەستەنی لەبەر هەتاو دەتوێتەوە، بەڵام پۆلیسی هاتوچۆ ناتوێتەوە.

جارێ کوردێك و ئینگلیزێك دەعم دەکەن، کوردەکە دەڵێ: حەیوان..! ئینگلیزەکەش دەڵێ: خۆشحاڵم بە ناسینت.

Bilawkiraweyeki Roşinbiri Giştî Serbexoye, Nawbenaw Le Hewlêr, Derdeçet

# ŘOŞINBÎR

Jimare (1) – Hawini 2011

Xaweni `ymtyaz u Sernûser; `Umer `eli



## بووکە سوورە

**ئامادەکردنی: ئایە عەدنان خەیات**

باڵندەیەکی بچووکی کۆچەری دەنگخۆشە، لەشی بە پەڕی رەنگاوڕەنگ سوور، زەرد، سپی و قاوەیی و زەیتوونی پۆشراوە، کە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی پێداوە. لەشی پڕ لە خەتوخاڵە، نێر و مێیان یەك رەنگن. ئەم باڵندەیە هێلانەکەی لە نێو دارودرەخت و کونی دیواردا بە پووش و پەڵاش دروست دەکات و خۆراکی سەرەکی بریتییە لە کرم و مێش و مەگەز و میوە. بووکەسوورە دوو جۆری هەیە، ئەوانیش: یەکەم/ بووکەسوورەی ئەمریکی: کە گەورەترین جۆری بووکەسوورەیە، نزیکەی (٢٥سم) درێژە، مێیەکان (٤ – ٦) هێلکەی شینباو دەکەن و (١٢ – ١٤) رۆژ لەسەریان کڕ دەکەون و نێرەکانیش ئەرکی پەیداکردنی خۆراك دەگرنە ئەستۆ، بێچووەکان پاش (١٤ -١٦) رۆژ دەتوانن بفڕن. دووەم جۆری بووکەسوورەش، بە (بووکەسوورەی ئەوروپی) ناسراوە، کە بچوکترین جۆرە و نزیکەی (١٤سم) درێژە و مێیەکان (٥- ٦) هێلکەی سپی دەکەن و (١٣ ٠ ١٤) رۆژ لەسەریان کڕ دەکەون، نێرەکانیش ئەرکی پەیداکردنی خۆراك دەگرنە ئەستۆ و بێچووەکانیشیان دوای (١٢-١٤) رۆژ دەتوانن بفڕن.

## پەندی پێشینان

- ئاگر کەوتە چەم، تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێنێت.
- تەور کلکی خۆی نابڕێت.
- ئەگەر بایە و ئەگەر بارانە، بۆ کەچەڵ هەر زیانە.
- بەفر بێ یان باران، هەر لە ئاو کەم دەکات.
- ئەگەر هاتت بوو، هەی هەی مەکە، ئەگەر نەهاتت بوو، وەی وەی مەکە.
- بکێشە جەفا، بنۆشە وەفا.
- بارێك نەتوانی باری کەی، پاڵی پێوە بدە.

## ئایا دەزانی؟

- ئایا دەزانی یەکەم کەس، کە قورئانی پیرۆزی پەرچڤەکردە سەر زمانی کوردی، مامۆستا هەژار موکریانی بوو.
- ئایا دەزانی لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو، شاری کفری بە پاکترین قەزا لە عێراقدا دەستنیشان کرا.
- ئایا دەزانی کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان بە (ئینجیل) ناسراوە.
- ئایا دەزانی هەسارەی نیپتۆن دوو مانگی هەیە.
- ئایا دەزانی کوردستان لە ساڵی (١٥١٤) بۆ یەکەمجار دابەشکرا بەسەر دوو بەشدا لەنێوان تورکە عوسمانییەکان فارسە سەفەوییەکاندا.

## بژی.. بژی کوردستان

شارەکانی کوردستان
خۆشەویستن لای هەمووان
هەولێر و سلێمانی
مایەی شادی هەمووانی
کەرکوك و خانەقینم
هەر بەخۆشی بتبینم
ئامێدی، دهۆك، زاخۆ
سڵاو دەنێرم بۆ تۆ
هەڵە بجەی شاری گۆڕان
رووخا قەڵای زۆرداران
ساباڵاغ و سەقز و سنە
خۆڵەکەی ڕۆحی منە
زۆر جوانە ماردین و وان
کرماشان و هەوارامان
تۆش مەهابادی قازی
بۆمان بووی بە شانازی
دیاربەکر و قامیشلی
دەربەندیخان و کفری
پاوە، شنۆ و بۆکانم
گلێنەی چاوەکانم
ئاوا تمانە یەك بگرین
سنووری دەستکرد ببڕین
یەك ئاڵا و یەك نیشتمان
بژی.. بژی کوردستان

## چەند شیرینە لام

**هۆنراوەی: بەختیار زێوەر**

چەند شیرینە لان دار و بەردی وەتەنم
بەفیدای ئەکەم سەرو گیان و بەدەنم
خاکی وەتەن گشتی زیو و زەرە
بەردی وەك گەوهەرە
ئاوی چەشنی کەوسەرە
فەرزە بۆ وەتە نمان گیان فیداکردن
لەرێی ئەم خاکە بەکۆمەڵ مردن
دەسا کوردینە بەسییە ئەم حاڵەتە
بۆ بەرزی کورد ئەمڕۆ ڕۆژی هیممەتە


## فەرهەنگی ڕۆشنبیر

١. وەرە – Come
٢. دیـوار – Wall
٣. تـۆپ – Ball
٤. تۆپی باسکە (سەبەتە) – Basketball
٥. تۆپی پێ – Football
٦. شـێر – Line
٧. بـڕۆ دەرەوە – Go out
٨. چـی؟ – What
٩. خۆشەویستی – Love
١٠. خـودا – God



# خۆپاراستن، باشترە لە چارەسەرکردن

هەڵبەت ئەو پەندەی سەرەوە هەروا بە ئاسانی نەگوتراوە، چونکە ئەوە یەک... مرواریيەکانی ن... پێشینانی ئێمە.. ... کاتی بیستن ... وەها ... چاکی گەلێک ڕا... سەرجەم ڕوانگە... لێبڕوانین و هەوڵی ... بدەین. هەموو مرۆڤێك لە ژیاندا پێویستی بەوەیە کە باشترین هەلومەرج بۆ تەمەنی خۆی برەخسێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێبە شێوەیەکی شەرافەتمەندانە ژیانی خۆی بگوزەرێنێ، بۆ ئەوەش پێویستی بە هەوڵدان و کۆششی بێوچان و بەردەوامە، هەتاکو بتوانێ لەو ڕێگایەوە بگاتە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی، بە پێچەوانەوە ناتوانێ بە شێوازێکی دلگیر ژیان بەسەر بەرێ، لەوەها بارێکیشدا هەموو کەسێك دووچاری هەڵوێست و ڕووداوی جیاواز دەبێتەوە، بۆیە دەبینین هەمیشە مرۆڤەکان لە حاڵەتی بەرەنگارییدان و بەربەرەکانێ لەگەڵ ژیاندا دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە نیازەکانی خۆیان، بەڵام دەبینین هەندێکی تر، لەو هەوڵەیاندا ناتوانن سەرکەوتووبن و تەنانەت بەسەر چەندین هەڵەو مەترسی گەورەدا خۆیان تاقی دەکەنەوەو زۆرجاریش تێدا سەرکەوتوو نابن، ئەمەش وادەکات کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا زیانمەند دەرچن و لە هەمان کاتیشدا کەسایەتی مەعنەوی خۆیان لە دەست دەدەن، ئەمەش بە هۆی ئەوەی نەیانتوانیوە بڕیاری گونجاو لە کاتی گونجاودا دەربکەن و دەرەنجام مایە پووچ دەبن، جا بۆ ئەوەی ئێمەی مرۆڤ بتوانین بەسەر کەندو کەندەڵانەکانی ژیاندا تێپەڕین بێئەوەی دووچاری هیچ خەوشێك ببینەوە، پێویستە پێش ئەوەی خۆمان ڕووبەڕووی کێشەیەك بکەینەوە، هەوڵی خۆپاراستنی بدەین نەك دوای ئەوەی تێدەکەوین ئەوجا بچین بە دوای چارەسەردا بگەڕێین، کە بێگومان لەوەها بارێکدا هیچ ئەنجامێکی شیاومان بەرچنگ ناکەوێ و بگرە، خۆمانیش ماندوو دەکەین.




## پرسیار

١. پرسیار: کێ وتوویەتی: "خۆدوورخستنەوە لە مرۆڤی شەڕەنگێز کردنەوەی دەروازی بەختەوەرییە"؟
٢. یوری گاگارین کەی چووە سەر مانگ؟
٣. شوێنی پەرستشی زەردەشتییەکان چی پێدەگوترێ؟
٤. (جاز)، کە جۆرە مۆزیکێکە، مانای چییە؟
٥. ناوی ڕاستەقینەی شاعیری گەورە کورد، (نالی) چییە؟

## وەڵام

١) بتهۆڤن
٢) (١٩٦١/٤/١٢)
٣) ئاتەشگە
٤) مۆسیقای خەمگین
٥) مەلا خدری لە حەمەدی شاویسی مکایەلی